## هەرگیز نەمر: کاک جەلالی حاجی حسین(کەلۆش)

**هەڵۆ بەرزنجەیی**




قەدەر و چارەنووس یەکێکن لەو دیاردە دژوار و عاسییانەی کە هێشتا لە دەرەوەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی مرۆڤدان. سەخت و مەحاڵیشە لە جغز و ئاقارێکی دیاریکراودا هەڵسوڕێندرێن و بخرێنە مەیدانەوە،وەک ئەوەی دڵ ئارەزووی دەکات و پێداویستییەکانی ژیان دەیخوازێت.
کام چیرۆک دەبێت لەوە تاڵتر و بەسوێ تر بێت؟، پێشمەرگەیەکی کورد هەموو تەمەنی گیانبازی بوو بێت، لە پێناوی کوردایەتی دا و دوای ئەزمونی ٣٠ ساڵ کۆڕی تێکۆشان سەروبنی زمانی "نەفرەت لە براکوژی بێت" قەدەر لە پەلەپیتکەی خواستەکانی ئەو بترازێ و بەدەم گێژاوێکی خوێناوی گەورەوە لە تەموژێکی نادیاردا،ساتێ بۆ کوژاندنەوەی ئاگری شەڕی براکوژی مانگی گوڵانی ١٩٩٤، پێیەکی لای پارتی و ئەوی دیکەی لای یەکێتی بوو،دڵسۆزانە سەرگەرمی "چارەنووسێکی پیرۆز و هێژا"بوو.لەو دەمە ناسکەدا دەستی براکوژی هار بە ڕیزێک گوولەی نەگریس ئێوارەی ٢ی گوڵانی ١٩٩٤ لە شاری سلێمانی کاک جەلالی کەڵەپیاو و جوامێری تەختی زەوی کرد و شەهید کراو بووە شەهیدی ئاشتی و تەبایی کورد و کورد.
ئەفسووس و سەدجار ئەفسووس ئەو دەیگووت :" گەر بە کوشتنی من کورد رزگاری دەبێت،وا من بە جەهەننەم". بەڵام بەداخەوە براکوژی هەرکۆتایی نەهات.
چ ژانێکی بەسفتوسێیە، کام تراژیدیای ناهەموار وماڵوێرانییە،لە چ نەفرەت بکەیت و بەگژ چیدا بچیتەوە،قەدەر ئەوەت ئاوقاو تووش بکات.! کاک جەلال ڕۆڵەیەکی قارەمان و هەڵکەوتووی ئەم نیشتمانە کۆست کەوتوەیە و لە ساڵی ١٩٤٦ ز لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە.بە کوردایەتی فریچکی گرتووە. لە ١٦ هەمین بەهاری تەمەنییەوە پەیوەندی بە ر ێکخستنەکانی ناو شاری پارتییەوە هەبووە و لە ١٩٦٥وە شەرەفی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی ئەیلوول مەزندا وەچنگ هێناوە.



یەکێک بووە لە پێشمەرگە هەرە بەجەرگ و ئازا و دەستوەشێنەکانی ساڵانی شەستی ناوشار.
بەلێهاتوویی و دڵسۆزی خۆی بە پلەی جۆراوجۆر گەیشتووە و سەرئەنجام لەهەردوو بواری سەربازی و سیاسی دا،کادێرێکی زۆر کارامەو وریا و لێهاتووی کامڵی لێ دەردەچێ. دوای ئەوە بانگی کاژێک دەدرێت بە گوێی دا،ئەرکەکانی چالاکانە بەئەنجام دەگەیەنێت و لەنێو دەروونی شۆڕش دا،وەک سەربازێکی وننناو درێژە بە خەبات دەدات.
دوای هەرەس لەگەڵ دەستە هاوبیرەکانی دا بەشداری چالانە لە دامەزراندنی پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک دا لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥ دەکات. زنجیری خەباتی بە نەپساوی رادەگرێت تا لە ساڵی ١٩٧٦ دا مەترسی گرتن هەڕەشە لە ژیانی دەکات و ئاشکرا دەبێت و ڕوو دەکاتە شاخ و یەکەم بنکەی پێشمەرگەی پاسۆک دەکاتەوە.
لەو بارە سەختەدا بەچکەشێرانی کوردایەتی مەشخەڵی گەڵگیرسانەوەی شۆڕش بڵند دەکەنەوە.کاک جەلال ڕۆڵی زۆر دڵسۆزانە لە خاوکردنەوەی کێشە و هەرا سیاسییەکانی ساڵانی پێش هەشتا و دوای هەشتا دەبینێت، لەخۆبووردووانە بەرگەی ڕۆژانی کولەمەرگی و تەنگانەی کوردایەتی. دەگرێت لەسەرەتای هەشتاکان دا ڕوو دەکاتە سووریا و لەوێ نیشتەجێ دەبێت و بەردەوام دەبێت لە خزمەتی گشتی دا و پاشان دەچێت بۆ سوید و لەوێ دەبێتە پەنابەری سیاسی.



لەگەڵ گیانبەختکردووی گەورە ئەنوەری مەجید سوڵتان دا

کاک جەلال لەهەر کوێیەک بوو بێت، هەر خوێنی کوردی بە دەمارەکانیدا هاتوچۆی کردووە و هەرچی پێکرا بێت بۆ خزمەتی نەتەوەکەی هەرگیز درێغی نەکردووە، چونکە ئەو زەمینە مادی و ڕۆحییەی کە لەسەری ڕاوەستا بوو وە بڕوای پێی بوو، لێوەی هەنگاوی هەڵدەهێنا (کوردایەتی) بوو .
هەر ئەم خەسڵەت و بنەما و دیدە فکری و قەناعەتە گەشاوەی بە کوردایەتی لەتەک لەخۆبووردوویی و هەوڵی بێنیاز و دڵسۆزانەدا،کاک جەلالی وا سەرکەوتووانە هێنایە نێو کۆڕ و مەیدانی خەباتەوە نەک ڕێکەوت و سەپاندن و تەقلەی زەمانە.
کاک جەلال پیاوێکی قسە لە ڕوو و زمان شیرین و ساکار ڕاستگۆ و بەئەمەک و دلێر بوو . دۆستی ئەدەب و وەرزش بوو،پەیوەندی لەگەڵ هەموو پارت و کەسایەتییە سیاسییەکانی گشت بەشەکانی کوردستان دا هەبوو.
بیرەوەرییەکانی کاک جەلال کۆمەڵێ یادگاری زیندوو و لەبەرچاون و ئەوەی ساتێ ئاشنای بوو بێت ، ئێستاش چەخماخەی ئەو یادگارانە لە ئاسمانی بیر و هۆشیدا گرمەگرمی دێت.
لەدەستدانی کەڵەمێردێکی وەک کاک جەلال بە گڕی ئاگری براکوژی، ئەو شەڕەی مووی لەشی پێ دەبووە نەشتەر و پێی کەڵبیی دەبوو، داخ و خەفەتێکە هەرگیزاو و هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.
هاوبیرانی ئاڵاهەڵگرانی ڕاستەقینەی کوردایەتی خۆ بە منەتباری ئەو قوتابخانەیە دەزانین کە ڕۆڵەی ئاوها بۆ نەتەوەکەی گۆشت دەکات و پنتی ئەو قەناعەتەشمان کە نەگۆڕو نەلەقیوە پیرۆزە لەهەمبەر خزمەتی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەمان دا .
یاککردنەوەی کاک جەلال و شەهیدانی دیکەمان ئەرکێکی پێویست و دروستە.

ژین لەلای دڵسۆز هەر تێکۆشانە
هەوڵە بۆ خاکی ئەم کوردستانە
خۆزگە ئەندازەی ژیان و تەمەن
تێکۆشان بوایە بۆ خاکی وەتەن
ئاخۆ تەمەنی کام دڵسۆزی کورد
لە چوار پێنج ساڵی تێپەڕی ئەکرد
کامەران موکری

نەمری بۆ کاک جەلال

سەرنج: ئەم بابەتە لە ژمارە ٢٠ ی نەورۆزی ١٩٩٥/٢٦٠٧ گۆڤاری خوێندکاری کوردی ڕێکخراوی سۆکسەدا بڵاوکردۆتەوە. دیسان بۆ یادی کاک جەلال پێشکەشە.